سەماحەتی حەکیم چاوی کەوت بە ڕێکخەری کارەکانیی باڵیۆزخانەی ئەمەریکا لە بەغدا

سەماحەتی عەمار حەکیم سەرۆکی هاوپەیمانێتی هێزەکانی دەوڵەتی نیشتمانی چاوی کەوت بە بەڕێز دانیال ڕۆبنشتاین ڕێکخەری کارەکانی باڵیۆزخانەی ئەمەریکا لە بەغدا، لەم دیدارە بەدرێژی باس لە پێشهاتەکانی دۆخ ناوخۆیی و هەرێمی کرا جگە لە کارەکانی ناوچەکە بەشێوەیەکی گشتی.
لەم دیدارە بەڕێز حەکیم نیگەرانی قووڵی خۆی دەربڕی لەمەڕ دەتدرێژی ئیسرائیلی بە سەر کەرتی غەزە و بانگەشەی دووپات کردەوە بە پێوستی پتەوکردنی ئەمن و ئاسایش لە ناوچەکە لە ڕێگای گفتوگۆ و کار کردن بە مەنتیق لەگەڵ دوور کەوتنەوە لەشێوەکان کە کاریگەری خراپی لە دەکەوێتەوە.

سەماحەتی حەکیمی دووپاتی کردەوە کە عێراق بەهۆی ڕەل و ئەزموونی لە نەهێشتنی تیرۆر توانای ئەوەی هەیە ڕووبەڕووی هەموو ڕکابەرییە ئەمنییەکان ببێتەوە کە ڕووداوات، هەروەها ئاماژەی کرد کە گرنگە پێوەندییە دووقۆڵییەکان لە نێوان عێراق و ئەمەریکا پتەو بێت بەشێوەیەك کە خزمەتی هەردوو گەل بکات و شکە و سەربەخۆیی و بریاری عێراقی تێدا پارێزراو بێت.
لەم ڕوانگەیەوە، سەماحەتی حەکیم باسی هەڵە گرنگەکانی کرد کەعێراق لەسەر زەربەی بوارەکان هەیەتی و داوای لە کەمپانیا ئەمەریکییەکان کرد کە وەبەرهێنان لەم چانسانە بکەینکە دەبێتە هۆی پتەوکردنی پێوەندی و هاوبەشی هەردوو وڵات، جگە لە ئاوگەڕ کردنی ئەزموون لە نێوان هەردوو وڵات، هەروەها ئامادەیی عیراقی دووپات کردەوە بە پتەوکردنی پێوەندییەکانی لەگەڵ کەمەگەیی نەودەوەتی و کرانەوەی بەرامبەر هاریکاری لەگەڵ وڵات و ڕێکخراوە جیاجیاکان.

لەکۆتایی چاوپێکەوتنەکەدا، هەدوو لا جەختیان کردەوە لەسەر بەردەوامبوونی هاریکاری بنیاتنەر نێوان عێراق و ئەمەریکا و کارکردن بەیەکەوە بە پتەوکردنی ئەمن وگەشەپێدان لەناوچەکەدا.